# پاكردنەوەی تیرۆریزمی ئیسلامی ئەركی حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریو خەڵكی ئازادیخوازی عێراقە!

(لە پەراوێزی سەربڕینی 3 هاوڵاتی كورد زمان لەلایەن تیرۆریستانی ئیسلامیەوە)

**محسن كریم**

بەپێی هەواڵی كەناڵەكانی راگەیاندن گروپی تیرۆریستی(جیش انصار السنه) ئەوەیان لەسایتەكەیاندا بلاوكردۆتەوە كە (3) هاوڵاتی كوردزمانیان سەربڕیوە!وەحشیەتی ئەم تاقمە ئیسلامییە لەوەدایە كەبێهیچ دوودڵییەك شانازی بەم تاوانە بێوێنەیەوە دەكەن. ئەم درندانەی ئیسلامی سیاسی هەواڵی زیانە گیانیەكانی دوژمنەكەیان لە روبەروبوونەوەیەكی سەربازیدا بلاو ناكەنەوە! بەڵكو هەواڵی سەربڕینی (3) هاوڵاتی مەدەنی بێدیفاع بە ئاگاداری خەڵك دەگەیەنن كە لەسەر شەقامو كۆڵانەكاندا رفێنراونو دواتر بە چەقۆی ئینسانكوژانی ئیسلامی سەریان لە لاشەیان جیاكراوەتەوە! ئەم وەحشیگەرییە وەڵامی عەمەلی ئیسلامی سیاسییە لە عێراق بە راگەیاندنەكەی مەسعود بارزانی بۆ سەپاندنی هەویەی نەتەوەیی بەسەر شاری كەركوكدا. مەسعود بارزانی ووتی ئیمە ئامادەین بۆ پاراستنی هەویەی كوردیی كەركوك جەنگ بكەین. ئیسلامی سیاسیش كە ئێمە لە بەیاننامەیەكدا سەبارەت بە قسەكانی مەسعود بارزانی ووتمان تەرەفێكی ئەسڵی ئەو شەرە قەومییەیە كە مەترسی بەرپابوونی هەیە، بەم شێوەیە پێشوازی لەو راگەیاندنەی مەسعود بارزانی كرد بۆ سەپاندنی هەویەی(غەیرە كوردی)ی شاری كەركوك!

حیزبی ئێمە لەمێژە ئەو ئاگاداریەی بە خەڵكی عێراق بە كوردو توركمانو عەرەبزمان داوە كە سەپاندنی هەویەی نەتەوەییو دینیو سەندنەوەی هەویەی هاوڵاتیبوون لە خەڵكی عێراق ئاكامی خەتەرناكی لێ دەكەوێتەوە. ئەو خەتەرەمان خستۆتە پێش چاوی خەڵك كە هێزو حیزبەكانو دەستەو تاقمە ناسیۆنالیستیو ئیسلامیەكان پەیامی هەڵگیرساندنی شەری میلیشیاو جەنگی نەتەوەییو مەزهەبییان پێیەو بۆ گەیشتن بە ئامانجو مەرامە سیاسیەكانیان سڵ لەوە ناكەنەوە كە كۆمەڵگای عێراق بۆ ناو ئاگری ئەو جەنگە پاڵ پێوە بنێن. ئەم رووداوە دڵتەزێنە كە تەزوو بە گیانی هەر ئینسانێكدا دێنێ، گۆشەیەكە لەو سیناریۆ وەحشیانەیەی كە هێزە رەشەكانی ئیسلامی سیاسی ئامادەن بەرێی بخەن. تیرۆیستانی ئیسلامی هاوكاریكردنی ناسیۆنالیزمی كورد بۆ سیاسەتی دژی ئینسانی ئەمریكا لە عێراق لەپێی خەڵكی كوردزمان دەنوسن. لەمەشەوە بەو لێكدانەوەیە دەگەن كەكوشتنو سەربڕینی هاوڵاتیانی كوردزمان بەشێكە لە جێبەجێكردنی ئەركە نیشتمانیو ئیسلامیەكانیان دژی ئەمریكاو پاراستنی( نیشتمانی ئیسلام)ە لە پۆستاڵی (كافرەكان)!

ئەم رووداوە خەتەرناكە ئەوەی دوویات كردەوە كە پێچانەوەی بازارو دوكانی تیرۆریزمی ئیسلامی سیاسیو بێكاریگەركردنی دەورو نەخشی ناسیۆنالیزم بە هەموو رەنگەكانیەوە لە عێراقدا، هەنگاوێكی جدیو زەروورییە بۆ پاراستنی ژیانی ئێستاو ئایندەی خەڵكی عێراق لە تیاچوون. ئەمەش بەوە دەكرێ كە خەڵكی عێراق لەدەوری حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاریی عێراق كۆببنەوە. حیزبی كۆمۆنیستی كرێكاری ئاڵای رزگاركردنی جەماوەری عێراقی بەرەو ژیانێكی شایستە بە ئینسان، ژیانێكی ئازادو یەكسان بۆ هەموو دانیشتوانی عێراق بەرزكردۆتەوە.

حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق بەرگریکاری سەرسەختی هەویەی ئینسانیو هاوڵاتیبوونی سەرجەم دانیشتوانی خەڵکی عێراقە. خەڵکی عێراق دەتوانن لەسیاسەتو بەرنامە، لەکارکردو هەڵسورانی رۆژانەی ئەم حیزبەدا خەسڵەتی ئینسانیو هاوڵاتیبوونی خۆیان پەیدا بکەنو لەناو ئەم حیزبەدا بۆ گەیشتن بە ئامانجو ئاواتە ئینسانیەکانیان خەبات بکەنو بەسەرکەوتن بگەن. هێزی رێکخراوی خەڵك لەدەوری حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق زامنی پاراستنی ژیانو ئاسایشو بەدیهێنانی ئاواتو ئومیدەکانی خەڵکە.

ئەم تاوانەی تیرۆریستانی ئیسلامی لە روانگەی هەموو ئینسانێکی شەریفو ئازادیخوازو خاوەن ویژدانی ئینسانیەوە لەسەراسەری دنیادا مەحکومە. ئیحساسمان لەگەڵ ئیحساسی کەسوکاریاندایە. کەمەری خەباتمان بۆ پاکردنەوەی تیرۆریزمی ئیسلامی زیاتر توند دەکەینەوە.

مردن بۆ تیرۆریستانی ئیسلامی!ریسوایی بۆ ئەو لایەنانەی ئاگری شەری قەومی خۆش دەکەن!

بژی ئینسانیەتو هەویەی ئینسانی دانیشتوانی عێراق.